# بۆچی پیاوێکی پیر؟



ژنەکە لە ڕارەوێکی فەرمانگەکە لەسەر کورسیەك بەکەساسی دانیشتبوو، دیاربوو فەرمانبەرەکە پێی گوتبوو کە جارێ دابنیشێت تا خۆی بانگی دەکات، ئەویش وەك ئەوەی خووی پێوەگرتبێت لچێکی عەباکەی بە نیوەی دەموچاوییەوە گرتبوو، بۆ ئەوەی ئەو بەشەی دەموچاوی کە لێوەکان و لووت و لاروومەتێکی بوون دیار نەبن. بە ڕێکەوت لە تەنیشتەوە لەسەر ئەو کورسییە درێژەی کە بۆ هاوولاتییان دانرابوو لەسەری دانیشن، منیش چووم دابنیشم.

دوای چەند چرکەیەك وەك ئەوەی هەردووکمان حەزمان لە دواندنی یەکتر بێت، کەوتینە قسە، سەرەتا ئەو گوتی: لە بەیانییەوە لێرەم هێشتا ئیشەکەشم تەواو نەبووە، نازانم کاری ناو فەرمانگەکان بۆ وا درەنگ ڕادەپەڕێنرێت و ئەو خەڵکە بۆ هێندە ئازار دەدەن. ئینجا درێژەی دایە و گوتی: هاتووم ناسنامەکەم بگۆڕم و ناوی مێردەکەم لەسەر ناسنامەکەم ڕەش بکەمەوە و ناسنامەیەکی تر

دەربێنم، ئینجا پرسی ئەی تۆ؟ منیش گوتم: کارێکی تایبەتیم هەیە و چاوەڕێی تەواوکردنیم، بەڵام بۆچی ناوی مێردەکەت ڕەش دەکەیەوە، خۆ تەڵاقی نەداویت؟ گوتی: با دەمێکە نزیکەی ساڵێك دەبێ، تەڵاقی داوم، ئەگەر حەزت لێی بێت بۆتی دەگێڕمەوە. گوتم: زۆرم پێخۆشە کە بەسەرهاتەکەت بزانم. ئیتر ئەویش بەمشێوەیە دەستی بە گێڕانەوەی بەسەرهاتەکەی کرد و گوتی: گەنج بووم، تەمەنم (٢٣) ساڵێك دەبوو، لەسەر تاقەت و شەنگ و جوانی خۆم دابووم. باوکم مردبوو، من و دایکم و دوو سێ خوشك و دوو برا بووین، من کاروباری ماڵەوەم ڕادەپەڕاند، هەر لە جل شتن و کوڵ کردنەوە بگرە تا ماڵ پاککردنەوە و چێشت لێنان. ڕۆژێك غازمان نەمابوو، توانای کڕینی غازیشمان نەبوو، لەبەر ئەوەی ئەو کاتی گرانی بوو، ئێمەش بۆ هەموو شتێ هەر پرێمزمان بەکار دەهێنا، بۆ ئاو گەرم کردن، بۆ چێشت لێنان و بۆ زۆر شتی تر. ڕۆژێك ویستم پرێمزەکە هەڵکەم، پەمێکی زۆرم لێدا هەڵنەبوو، نەوت فیچەقەی دەکرد و شقارتەم لێدەدا هەڵنەدەبوو، منیش هێندەی دیکە پەمپم لێدەدا و شقارتەکەم لێ نزیك دەکردەوە، لەپڕ هەر هێندەم زانی گڵپەیەکی کرد و هروژمی ئاگر بۆ دەمو چاو هات و لەبەر خۆکشاندنەوە پشتاوپشت بەربوومەوە. دەموچاوم هەمووی بووە دوکەڵ زانیم دەموچاوم سووتا، بەڵام جارێ خۆم نەدیتبوو، کە مەشخەڵە ئاگرەکە بۆم هات، منیش زیرەم لێهەڵسا، دایکم یەکسەر گەیشتە فریام. دەروودراوسێ کۆبوونەوە و یەکێ لە دراوسێیەکانمان ئۆتۆمبێلەکەی بە ئێش خست و خەڵکەکە بە پەلە منیان گەیاندە نەخۆشخانە و لەوێ داوای ئاوێنەیەکم کرد و ئەوجا ڕووخساری خۆم بینی و زانیم چیم لێقەوماوە و چۆن تووشی کارەسات هاتووم. پزیشکەکان لە نەخۆشخانە خەواندیانم و دەستیان بە چارەسەرکردنم کرد، نزیکەی مانگێك لە نەخۆشخانە مامەوە و پاشان کە دەرچووم مانگێکی تر خەریکی تیمارکردنی برینەکانی دەموچاوم بووم. دەموچاوم زۆر نەسووتابوو، تەنیا لێوەکانم و سەری لووتم و لارووەتێکم نەبێ. بەڵام ئەوەی کە ناشیرینی کردبووم لووت و لێوی سەرەوەم بوو. کە بەتەواوەتیش چاك بوومەوە، جوانییەکەی کوشتم، شەو وڕۆژ سەیری ئاوێنەم دەکرد و خەم و خەفەتم دەخوارد و دەگریام. پێش سووتانم هەفتە نەبوو خوازبێنیم نەیەت، بەڵام من دەمگوت جارێ مێرد ناکەم، دایکم بەجێ ناهێڵم. کە دووچاری سووتانیش هاتم، تەمەنم گەیشتە بە (٣٢) ساڵی ئینجا توانیم مێرد بکەم. ئەویش دوای ئەوەی دایکم مرد و خوشکەکانم مێردیان کرد و دوو براکەشم ژنیان هێنا و ئەو خانووەی هەمان بوو، خوشك و براکانم هەموویان لە بەشە میراتی خۆیان خۆش بوون و دایانە من و خانووەکەیان بەناو کردم. یەکێك لە براکانم کە ژنی هێنابوو گوتی: ناهێڵم بەتەنیا بیت، تاوەکو بۆخۆت مێرد دەکەیت من لەگەڵت دادەنیشم و چاوم لێت دەبێت. ئەوجا بەراستیش وابوو، زۆر بە پەرۆش بوو بۆم و چاوی لێم بوو، تاوەکو پیاوێك کە تەمەنی (٥٢) ساڵێك دەبوو، ژنیشی هەبوو، بەڵام ژنەکەی منداڵی نەدەبوو، دەیویست ژنێك بێنێت، منداڵی ببێت، هاتە خوازبێنیم، من سەرەتا ڕازی نەبووم، بەڵام پاشان کەسوکار و ناسیاو گوتیان: بەخوا وا باشە بۆخۆت مێردێك بکەی و لە ماڵی مێردی خۆت بە قەدر و قیمەت بی و لە دەست تەنیایش ڕزگارت دەبێت، باشترە لەوەی وا بمێنیتەوە. هیچ نەبێ بۆخۆت منداڵێك دوانت دەبێ و پاشان بۆخۆت پێیان دەخافڵێی. براکەشم هەر وای دەگوت و پێی گوتم: ئەگەر حەزیشت کرد هەر لەو خانووە بمێنیەوە، ئەوا من دەچمە دەرێ، ئەگەرنا ویستت لەگەڵت دادەنیشم، ئەگەر حەزیشت کرد بچیە لای مێردت و لەلای ئەو، لە خانووی ئەو جا ئەگەر خانووی بە کرێ بوو یان هی خۆی بوو، دابنشی هیچ ڕێگریت لێناکەم، ویستت خانووەکەت بە کرێ بدە و من خانوویەکی دیکە بە کرێ دەگرم،ویستت من لەناوی دەمێنمەوە هەتا تۆ پێتخۆش بێت. منیش گوتم: برام چۆن دڵم دێت بەتۆ بڵێم برۆ دەرەوە و بۆخۆت خانوو بگرە، بە هەرحاڵ ڕازی بووم لەسەر مێردکردنم بەو پیاوە. چونکە بەراستی منیش گەیشتبوومە قەناعەتێك کە ئیدی گەنجێك نایەتە داخوازیم کە من ئێستا وا لە سیم تێپەڕاندووە، ئەگەر لەو یەك دوو ساڵەش مێرد نەکەم ئیتر کەس نامخوازێ مەگەر کابرایەکی پیر نەبێت، بۆیە منیش ڕازی بووم مێرد بەو پیاوە بکەم. کە مێردم کرد خانووەکەم بۆ براکەم بەجێهێشت. نزیکەی حەوت هەشت مانگ لەلای مێردم مامەوە سکم نەبوو، پیاوەکەم هەموو ڕۆژێ پرتەو بۆڵەی دەکرد، ژنەکەشی (هەوێیەکەم) دەیگوت: باشە تۆ خۆت لە ئاوێنەدا دیوە، ئەگەر جوان بای ئەو پیاوەش نەتیدەخواست، ئەوە لە نەزۆکیشت هەر گەڕێ، کابرا تەنگەتاوی منداڵ بوو، ژنەکەش واتە هەوێیەکەم وەك دوژمن لە بۆسەم دابوو، بیست و چوار سەعاتی خودای ئەوە ململانێی دەکردم و توانج و قسەی بریندارکەری پێدەگوتم، ئاخیریەکەی مێردەکەم منی بردە لای پزیشکێك و ئەویش دوای پشکنین گوتی: پێویستی بە نەشتەرگەری هەیە و پارەیەکی زۆریشی تێدەچێ، تا ئەو نەشتەرگەرییەشی بۆ نەکرێت هیچ ئومێدێکی نییە توانای سکپڕی هەبێ. کابرا بەتەواوەتی لێم ساردبۆوە، پاش ساڵێك و هەندێك گوتی: من تۆم ناوێت. تەڵاقی دام، براکەشم لە ڕقان پارێزەرێکی بۆ گرتم و ئەویش هەموو هەقەکانی بۆم وەرگرت. ناچار گەڕامەوە ناو خانووەکەم لای براکەم، پێکەوەین ئەو ژن ومنداڵی هەیە و منیش بە منداڵەکانی غافڵ بوویمە، براکەم و براژنەکەم لەگەڵم زۆر باشن، لە خوای بەزیاد بێ، منداڵەکانیش زۆر هۆگرن و بەردەوام لای منن، ئیتر سەبووریم بەوان دێت و جارێکی تر بیرای ببڕ مێرد ناکەمەوە بۆیە لێرەشم هاتووم عەرز و حاڵێکم نووسیوە بەڵکو ناوی مێردەکەم لەسەر ناسنامەکەم ڕەش بکەمەوە و ناسنامەیەکی تازە دەربێنم.

**بە هەرحاڵ ڕازی بووم لەسەر مێردکردنم بەو پیاوە. چونکە بەراستی منیش گەیشتبوومە قەناعەتێك کە ئیدی گەنجێك نایەتە داخوازیم**

**مێردەکەم منی بردە لای پزیشکێك و ئەویش دوای پشکنین گوتی: پێویستی بە نەشتەرگەری هەیە و پارەیەکی زۆریشی تێدەچێ، تا ئەو نەشتەرگەرییەشی بۆ نەکرێت هیچ ئومێدێکی نییە توانای سکپڕی هەبێ**

لەنێو فایلەکانی دادگاوە

# ئەو پیاوەی شایەنی ژیانی هاوسەرێتی نەبوو

(چنار) کە لە رۆژی دادبینییەکەیدا لە ناو هۆڵی دادگا و لەبەردەم دادوەر راوەستابوو، بۆ ئەوەی بڕیاری جیابوونەوەی خۆی لە(یوسف)ی مێردی وەربگرێت و بەیەکجاری دەستی لەم پیاوە بەربێت و سەر لە نوێ ژیانێکی دیکە دوور لەو پیاوەی بباتە سەر، هەردووکیان راوەستابوون لەبەردەم دادوەر و چاوەڕێی پرسیارەکانی دادگا بوون، دادوەر یەکەم پرسیاری ئاڕاستەی (چنار) کرد کە ئایا هەر سوور، لەسەر داواکەی ئەویش گوتی بەڵێ: لە پرسیاری دووەم دا دادگا ویستی بزانێ کە بۆچی داوای جیابوونەوەی لە مێردەکەی دەکات لە کاتێکدا کە دوو منداڵیشیان لەیەك هەیە، ویستی وەڵام بداتەوە(یوسف) لەبن زمانەوە بە دەنگێکی نزم گوتی: وەڵڵا دیارە هار بووە بۆیە دەنا شەرمی بەخۆی نییە کە داوای جیابوونەوە دەکات.؟

دادوەر گوێی لە پسکە پسکەکەی بن لێوانی (یوسف) بوو، بۆیە بە توندی وەڵامی داوە و گوتی: ئەمجارە وەڵامی بدەیتەوەو لە خۆتەوە قسە بکەی بەبێ ئیزنی دادگا، یەکسەر زیندانیت دەکەم، فڕێت دەدەمەوە ژوورەوە، لەم دەمە گفتوگۆیەکی کورت و تایبەت لە نێوان دادوەر و ئەندامی داواکاری گشتی دروست بوو، دیاربوو ئەندامەکەی داواکاری گشتی چەند پرسیارێکی تایبەتی هەبوو، بۆیە بە هێواشی و بە چرپەوە، لەگەڵ دادوەر دوا کە دادوەریش بەرپەرچی (یوسف)ی دایەوە، و بێدەنگی کرد.(چنار) بە تیلەی چاو، بەتەوسەوە سەیرێکی (یوسف) ی کرد، ئاخ و ئەسەفێکی قوڵی هەڵکێشا و بە خەیاڵ و بروسکە، گەڕایەوە سەرەتاکانی ژیانی هاوسەرێتیان و ئەو ساتانەی بیردەهاتەوە کە چۆن پەیوەندی خۆشەویستیان دروستبوو، چۆن( یوسف) بەڵێنی سەوزو خەونی ئەرخەوانی بۆ دەبینی و دەیدایێ، پاشان چۆن دوای ئەوەی کە دوو منداڵیان دەبێ خیانەتی لێدەکات و پەیوەندی لەگەڵ ژنێکی تر دەبەستێ و پاشان ئەو ساختە و ساختەکارییەی کە دەیکرد و پارەی ئەم و ئەوی دەخوارد، لە یەکەم ساتی بینینی (چنار) ئەوەی بیرهاتەوە کە (یوسف) پێی گوت:

واهەست دەکەم تازە لە دایکبوویمەوە و دنیا بە تۆ رووناك بۆتەوە، بەڵێن دەدەم تا ماوم لە ژیاندا لە تۆ زیاتر کەسی ترم خۆش نەوێت.

(چنار) لەو خەیاڵانەدا بوو کە دادوەر لێی پرسییەوە ئایا بۆچی داوای جیابوونەوەی لێدەکات، ئەویش بەم شێوەیە دوا و گوتی: وەڵڵا چ بڵێم، تۆماری ئەو داوایانەی کە لەسەریەتی و لەم دادگایەیە، دیارە و بەڵگەنە، ئەو پیاوەم سەرەڕای ئەوەی کە زۆر بۆی باش و دڵسۆز خۆ ڕاگر بووم کەچی، جگە لە خیانەت و خیانەتکاری و کێشە نانەوە و بە هانە گرتن لەسەر شتی بچووك و ئەوجا شەڕ و ئاژاوە، نانەوەو دواجاریش لێدانم و لەماڵ دەرکردنم، هیچی ترم لێنەبینوە، بەخۆشتان دەزانن کە بە فروفێڵ و ساختە و ساختەکاری پارەی چەند کەسی خواردووە و فێڵی لێکردوون، ماوەیەك پێش ئێستا چەند جارێك گیرا و بە کەفالەت ئازاد کرا، ئەوە نزیکەی شەش مانگێکە پەیوەندی عەشق و عەشقبازی لەگەڵ بێوەژنێك هەیە کە کەس نازانێ کێیە و بۆچی و لەسەرچی و کەی تەڵاقدراوە، باشە من پێمگوتووە، کە ئاخر من چ کەموکوڕییەکم بەرامبەر بەتۆ هەیە، تۆ کە خاوەنی ماڵ و منداڵی و بەو پەڕی دڵسۆزییەوە بە هەموو وەزعێکت رازی بوومە، تۆ بۆچی خیانەتم لێدەکەی، ئایا تۆ منت دەوێ ئەگەر خیانەتت لێبکەم، بە من رازی دەبی؟ ئەی گەر دەست لەگەڵ پیاوێکی بێگانە تێکەڵ بکە؟ پێم دەڵێ شتی وا بکەی لووتت دەبڕم، من کە شتی وا ناکەم نەك لەبەر ئەو بەڵکو هەر لەبەر کەرامەت و کەسایەتی و ئابڕووی خۆم، جا کە شتی وا ناکەم، لە تۆش قبوڵ ناکەم کە هاوسەرت بم و بەم جۆرە هەڵسوکەوت بکەیت.

ئەوە بێجگە لەوەی زۆرجار کە لەگەڵ ئەو ژنە دۆستەی دەبێتە ناکۆکی و ناخۆشیان ، لەمن بەردەبێ و داخی دڵی خۆی بە من دەردەکات، لەبەر هەندێ، ئەوانەی کە گوتم بەشێکی هۆییەکانن، هۆی دیکەی زۆر هەن کە من بەدەست ئەم پیاوەوە لە ژیانێکی نا لە باردا دەژیم و دەگوزەرێنم، بۆیە داوا دەکەم کە لێی جیا ببمەوە و لە کۆڵم بێتەوە، بۆ خۆم لەسەر منداڵەکانی خۆم دادەنیشم، چ پێویستم بە مێرد نییە، وەزیفەیەکم هەیە و بەهۆیەوە مووچەی پێوەردەگرم و خۆم و منداڵەکانم بەو پەڕی سەربەرزییەوە دەژیەنم و چ پێویستم بە پیاوێکی وا سەر بە گێچەڵیش نییە، با بۆ خۆی سابڕوا ژیانی خۆی هەڵبژێرێت و چیتر بیر لەوە نەکاتەوە جارێکی تر من لەلای بم.

دوای ئەو قسانە دادگا داوای شایەتی لێکردو پاشان دانیشتنەکە دواخرا بۆ کاتێکی تر.

**ساختەکارییەکانی (یوسف).**

سەبارەت بە کێشە و ساختەکارییەکانی تری (یوسف) بە باشمان زانی ئەو کێشانە لە زاری (چنار) خۆی ببیستین و بزانین چین، لەو بارەیەوە(چنار) بەمجۆرە دەستی بە قسان کرد و گوتی: من زۆر خەفەت لەوە دەخۆم ئەوەندە ساڵەی ژن و مێردایەتیم لەگەڵ کابرایەکی وەها پارە خۆر و ساختەچی و قوڵ بڕ بردەسەر، کاتێك پەیوەندی لەگەڵ ئەو بێوەژنە پەیدا دەکات، من لە پێش چاوم کەوت و چیتر وەك مێردێك حسابم بۆی نەدەکرد، چونکە بەڕاستی حورمەتی ماڵ و منداڵمی شکاند و حورمەتی خۆشی لەلام شکاند، (یوسف) پارچە زەوییەکی وەرگرتبوو، منیش خانوویەکی بچکۆڵەم هەبوو، کە باوکم بۆی کڕی بووم، بەناوی کردبووم، دەیویست بە زۆر خانووەکەم پێ بفرۆشێ و زەوییەکەی خۆشی بفرۆشێ تا ئەو بێوەژنە بخوازێ و زێڕی بۆ بکات و ماڵی بۆ دابنێت، منیش پێم گوت کە خانووی خۆم بەهیچ شێوەیەك نافرۆشم، ئەم خانووە هی ئەم دوو منداڵەمە و دەستی لێنادرێت. ئینجا کردیە شەڕ لەگەڵم و لێیدام و پاشان دەریشی، کردم، هەموو ئامانجەکەی ئەوە بوو، خانووەکەم لەبن دەست دەربێنێ بۆ رازی کردنی خانمی بێوەژن، ئینجا کە ئەوەی بۆ نەچووە سەر هەستا بازرگانی و کڕین و فرۆشتنی بە زەوییەکە کرد، بەڵام

هۆی دیکەی زۆر هەن کە من بەدەست ئەم پیاوەوە لە ژیانێکی نا لە باردا دەژیم و دەگوزەرێنم، بۆیە داوا دەکەم کە لێی جیا ببمەوە و لە کۆڵم بێتەوە



ئینجا دووبارە دادگاییکردن دەستی پێکردەوە و بۆ دادگا روون بۆوە کە فێڵ و ساختەکاری کردووە کەسێکی تەڵەکەبازە و هەقی سێ کەسی خواردووە

چۆن کڕین و فرۆشتنێك، زەوییەکەی خۆی دا بە یەکێك بە مەبلەغێك پارە ، پاشان قەواڵەی زەوییەکەی بە رەنگاورەنگی لەبەرگرتەوە و هەر بەو قەواڵەیە فرۆشتییە کەسێکی تر و بڕە پارەیەکی دیکەی لەویش وەرگرت و قەواڵەکەی پێدا، پاشان بە قەواڵەیەکی لەبەر گیراوی دیکەوە فرۆشتییە کەسێکی تر و بڕە پارەیەکی لەویش وەرگرت، بەم حاڵەوە مەبلەغێك پارەی باشی کۆکردەوە، ئینجا چوو بەناوی (نیشان)کردنەوە، سی چل مسقاڵێك زێڕی بۆ بێوەژنەکە کڕی، وادەیان بۆ دانابوو، کە دوای هەفتەیەکی تر مارەی دەکەن و دەچن کەسوکاریان لە بەغدا دێنن بۆ ئەوەی خۆیان بۆ رێورەسمی مارەکردن ساز بکەن، کە رۆیشتن، ژنە ژمارەی مۆبایلەی گۆڕی بوو، چۆنیش رۆیشت، هەروا رۆیی و کەسیش نەیزانی بۆ کوێ چوو، ئەوەبوو دوو هەفتەیەك ئینجا زانی ژنە کڵاوی کردۆتە سەر و دەستی بڕیوە، هەر دوای هەفتەکەش کڕیارەکان بۆیان دەرکەوت کە(یوسف) فێڵ و ساختەی لێکردوون، ئەوانیش یەخەیان گرت و تێرو پڕیان لێدا و ئەوجا بە گرتنیشیان دا و ئیتر دە دوانزە رۆژێك لە بەندیخانەدا مایەوە و ئینجا بە کەفالەت ئازادکرا، کەسیان لە دادخوازەکان لە حەقی خۆیان خۆش نەبوون و هەموویان هەم پارەی خۆیانیان دەویستەوە هەمیش داوای سزادانیان دەکرد.

**بەندکردن بۆ ماوەی یەك ساڵ**

کە دانیشتنەکانی دادگا دەستی پێکردەوە و چەند جارێکی تر لە کێشەی نێوان(چنار و یوسف)ی کۆڵییەوە، دواجار بڕیاریدا بە جیابوونەوەی (چنار) لە(یوسف) و هەموو مافەکانی بۆ مسۆگەرکرا و هەردوو منداڵەکەش درایە(چنار)بەمجۆرە کێشەی نێوانیان لە رووی هاوسەرییەوە کۆتایی پێهات، سەبارەت بە کێشە ساختەکارییەکانیش، دۆست و برادەرانی (یوسف) زۆریان هەوڵدا کە دادخوازەکانی یارمەتی (یوسف) بدەن و لێیخۆشبن، نەبادا حوکم بدرێت، بەڵام کەسیان ئامادەنەبوون لە مافی خۆیان خۆش بن و ئەویش وەکو بەرزەکی بانان بۆ دەرچێ و لە سزای ئەو کەتنانەی دەربازببێت ئینجا دووبارە دادگاییکردنی دەستی پێکردەوە و بۆ دادگا روون بۆوە کە فێڵ و ساختەکاری کردووە کەسێکی تەڵەکەبازە و هەقی سێ کەسی خواردووە، پاش تەواوبوونی دادگایی، دادوەر بڕیاریدا بە ساڵێك زیندانی بەند بکرێت، و مافی هەر سێ کەسەکەش بداتەوە، بەمجۆرە لە سەرێکەوە، بێوەژنەکە قۆڵی بڕی، لەسەرێکی ترەوە ژنەکەی لێجیابۆوە منداڵەکانی لەبن دەستیدا نەمان و خۆشی جگە لە پێژماردنی ئەو پارانەی کە بە فێڵ وەریگرتوون، بڕە پارەیەکی باشیشی لە کیس چوو، دادگاش بە ساڵێك زیندانیکردن حوکمی دا.

**پرۆسەی هاوسەرگیری یەکێکە لەو پرۆسە گرنگانەی هەموو تاکێک پێیدا تێپەڕ دەبێت (بەشدار دەبن) ئەگەر چارەنووس پێشهاتێکی نالەباری بۆ دروست نەکات، لەم پرۆسەیەدا ئەو دوو کاراکتەرەی بەشدار دەبن رۆڵی سەرەکی دەبینن لەدروستکردن و گەشەپێدانی پرۆسەکە هەر کەمتەرخەمییەك لە یەکێکاندا دروست بێت فاکتەری رووخان و هەڵوەشاندنەوەی ئەو پرۆسەیە بەڵام هەندێك جار یەکێك لەو دوو هاوسەرە بەشێوەیەکی نهێنی هەوڵی لەناوبردنی دەدات بەبێ ئەوەی هاوسەرەکەی دیکە لەکاتێکی زووتردا بە ئاگا بێت، مەرج نییە هەر رەگەزی مێ بەدەست کارە خراپەکانی پیاوانەوە بناڵێنێت ئەمەی (سەربەست) باسی دەکات**

• • • •

(سەربەست) بەدڵێکی پر لەحەسرەتەوە باسی ئەو رۆژانەی دەکرد کە چەند پەیوەست بووە بەژیانی هاوسەرێتیەوە، وەك خۆی دەڵێت ئەگەر بەخەویش بمینیایە باوەڕم نەدەکرد، بەڵام مرۆڤی خراپ خەونەکانیش دەکات بەواقیع و دەیانهێنێتەدی، لەبەرئەوەی ئێمە لەخێزانەکەماندا پێنج برا بووین و تەنها خوشکێکی بچوکمان هەبوو ئەویش قوتابی بوو، دایکم زۆر فریامان نەدەکەوت تا خزمەتی تەواوەتیمان بکات،، لەبەرئەمەش بوو هەر زوو ژنی بۆ هێنایین، من کە کوڕی ناوەندی ئەو خێزانە بووم و باری ئابووریشم تاڕادەیەك



# ژنێك باجی هەڵەكانی دەدات

لەبراكانی دیكەم باشتر بوو زوو بیر لەمن كرایەوە كە پرۆسەی هاوسەرگیری پێك بهێنم، دایكم و باوك و براكانم زۆر هەوڵیاندا كچێكی مامم بخوازم بەڵام من رازی نەبووم، تا بەرێكەوت رۆژێك چوومە ماڵی برادەرێكم، و ئافرەتێك هات بۆ ماڵیان، ئەم ئافرەتە كەناوی (رووخۆش)بوو دراوسێی (كەمال)ی هاورێم بوو، لەدوای هاتنە ژوورەوەو دانیشتن كەمال بە (رووخۆش)ی ناساندنم و دەستمان كرد بە گفتوگۆ كردن لەسەر مەسەلەكانی ژیان و هەندێك بابەتی دیكە، بەراستی لەسەرەتادا نەمزانی كە بێوەژنە، زۆر چوو بەدڵمدا و گووتم ئافرەتێكی رۆشنبیر و وریایە، كاتێك رووخۆش رۆیشتە دەرەوە پرسیارم لەكەمال كرد گووتی ئەوە دراوسێمانە وماوەی (٦) شەش مانگ دەبێت لەگەڵ مێردەكەی جیابوونەتەوە، لەسەرئەوەی كە مێردەكەی دڵی لێی پیس بووە!!!

من هەر كە لەماڵی كەمال چوومە دەرەوە عەشقی رووخۆشم لەلا دروست بوو، زۆر بیرم لێدەكردەوە و چەندین پرسیارم لەخۆم دەكرد ئەگەر من بیر لەهێنانی رووخۆش بكەمەوە دەبێت خێزانەكەم رێگرنەبن یاخود خەڵك لۆمەم نەكەن؟ بەڵام سەرنج راكێشانی و سەرسام بوونم بۆ رووخۆش هیچ گرنگییەكی بەو پرسیارانە نەدەدا، پاش چەند رۆژێك پەیوەندیم بەكەماڵەوە كردوو باسەكەم لەلا دركاند، كەمال لەوەڵامدا گووتی: سەربەست گیان ئەو ئافرەتە بۆ تۆ زۆرباش نییە بەڵام پێت ناڵێم لەبەر چییە؟ دوا بریار لای خۆتە، ئەم قسەیە بوو بەگرێیەك لەلام، بۆیە پێمگووت دەمەوێت ئەمرۆ لەپاركێك یەكتر ببینین و لەسەر ئەو مەسەلەیە قسە بكەین.

بێگومان شاردنەوەی راستییەكان لەلایەن كەماڵەوە زیاتر هاندەربوو بۆئەوەی سەربەست رووخۆش بهێنێت بێئەوەی سەربەست بزانێت كەمال و رووخۆش چ پەیوەندییەك لەنێوانیاندا هەیە، كەمال نەیدەویست سەربەست رووخۆش بهێنێت بەڵام پێداگیرییەكانی سەربەست وای لەكەمال كرد كە ئەگەر ئەو دووانە هاوسەرگیری بكەن لەوانەیە كارەكان بۆیان ئاسانتر بێت، هەروەك سەربەست دەڵێت: ئەو رۆژە هەموو شتێكمان سەبارەت بەو بابەتە باس كرد و بریارمدا كە چوومە ماڵەوە لەلای خێزانەكەشم باسی بكەم.

ئەم مەسەلەیەم لەلای خێزانەكەم دركاند،هیچ كام لە ئەوان پێیان خۆش نەبوو من هاوسەرگیری لەگەڵ بێوەژنێكدا بكەم لەگەڵ مێردەكەی جیابووبێتەوە چونكە پێیان وابوو هۆكارێكی نهێنی لەپشت ئەم جیابوونەوەیە هەیە، من هەر پێمداگرت لەسەر ئەو پرۆسەیە، ئەم مەسەلەیە یەك مانگی زیاتر خایاند بەڵام ماڵەوە زانیان بێ سوودە بۆیە بەنابەدڵی رازی بوون.

دەبوو زوو بمزانیایە بۆچی كەمال ئەم مەسەلەیەی لەگەڵ ماڵی باوكی رووخۆش زوو براندەوە و هەموو كارئاسانییەكیان بۆ كردم، تەنانەت نە ئاڵتون و نە ماڵیشی نەویست چونكە رووخۆش بۆخۆی باری ئابووری زۆر باش بوو تەنها خانووی نەبوو ئۆتۆمبیل و ئاڵتون و ماڵێكی زۆری هەبوو، من لەدوایشدا زانیم ئەم شتانەی هەیە، هەموو ئەم بابەتە دوو هەفتەی نەخایاند چوینە ماڵی خۆمان.

رووخۆش فەرمانبەر بوو لەیەكێك لەفەرمانگەكان، بێگومان رووخۆش ئافرەتێكی شۆخ و شەنگ و سەرنج راكێش بوو، ئەمە وای لێكردبووم هەمیشە دڵم لای بێت چونكە جگە لەجوانییەكەی ئافرەتێكی زۆر كراوە بوو، لەگەڵ هەموو كەسدا دەكەوتە قسەكردن و پێكەنین، منیش ئەمەم زۆر بەلاوەوە پەسەند نەبوو، بەڵام نەمدەكرا هەر زوو بیدركێنم، هەوڵم دەدا ناراستەوخۆ قسە لەسەر ئەو جۆرە ئافرەتانە بكەم لەناو كۆمەڵگە بەچاوێكی جیاوازترەوە سەیر دەكرێن بەتایبەت ئەگەر ئافرەتێك پێشتر پرۆسەی هاوسەرگیری پێك هێنابێت و دواتر جیابووبێتەوە، هەموو هەوڵەكانم بێ سود دەبوون، هەرچەند بیرم دەكردەوە نەمدەزانی چۆن چارەسەری ئەم حاڵەتە بكەم، بەردەوام خەفەتم لێ دەخوارد.

تارۆژێك لەبازاڕ سەرقاڵی كەلوپەل كرین بووین لەسەر ئەم حاڵەتە لێمان بوو بەناخۆشی و بەبێ هیچ پرسێك بەجێی هێشتم و هەرچەند بانگم كرد و دواتر تەلەفۆنم بۆ كرد وەڵامی نەدامەوە، كە رۆیشتمە ماڵەوە بینیم لەماڵەوە نییە و مۆبایلی كوژاندۆتەوە، نەم دەویست كەسیش لەم شەڕەمان بزانێت، ناچاربووم تەلەفۆن بۆ ماڵی باوكی بكەم، دایكی وەڵامی دامەوە گووتی: رووخۆش نەهاتووە بۆ ئێرە، بێگومانیش بووم كە نەچووە بۆ ماڵی باوكم، بۆیە تەلەفۆنم بۆ كەمال كرد گووتی: بەڵێ ئاگام لەرووخۆشە ئەوە ئێستا لە كافتریایەك دانیشتووم، گووتم لەكوێن؟ بەداخەوە شوێنەكەی پێ نەگووتم، بەراستی ئەمە بووە مایەی پرسیار و گومانێكی زۆر، لەلای خۆمەوە زۆر بریاری قورسم دەدا، كاتژمێر شەشی ئێوارە لەگەڵ كەمالدا هاتنەوە، رەفتاری كەمال لەگەڵ رووخۆشدا دەتگووت برا گەورەیەتی، كەمال پێی گووتم سەربەست گوێ بگرە هەرگیز لێت قبوڵ ناكەم بەو شێوازە رەفتا لەگەڵ رووخۆشدا بكەیت، خۆت دەزانی كێ یارمەتیدەرت بووە، ئەگەر نا لەتۆش جیادەبێتەوە، تووشی شۆك بووم بەبیستنی ئەم قسانە، لەدوای رۆیشتنی كەمال لەرووخۆش توڕەبووم تا كار گەیشتە لێدان، زۆرم لەرووخۆشمدا بەڵام رووخۆش تەنانەت هاوارێكیشی نەدەكرد بەلایەوە زۆر ئاسایی بوو، گووتم جارێكی تر پەیوەندی بەكەماڵەوە بكەیت، دەتكوژم!!

بێدەنگی رووخۆش ئەوەندەی دیكە توورەی كردم، ئەو شەوە تابەیانی نەم دەزانی چی بكەم؟ بەهەرحاڵ ماوەیەك بەم شێوەیە تێپەری، رۆژێك رووخۆش لەدەوام بوو تەلەفۆنی بۆ كردم گووتی دەچم بۆ نەخۆشخانە لەوانەیە درەنگ بێمەوە، گووتم با بێم لەگەڵتدا رووخۆش

**من هەر كە لەماڵی كەمال چوومە دەرەوە عەشقی رووخۆشم لەلا دروست بوو، زۆر بیرم لێدەكردەوە و چەندین پرسیار لەخۆم دەكرد ئەگەر من بیر لەهێنانی رووخۆش بكەمەوە دەبێت خێزانەكەم رێگرنەبن**

رازی نەبوو، منیش چوم بۆ ماڵی باوکم و پێم گوت دوایی بێت بۆ ئەوێ، بەڵام بەداخەوە رووخۆش دووبارە ئەو رۆژە لەگەڵ کەمالدا موعیدی هەبوو، چەندێك تەلەفۆنم بۆکرد وەڵامی نەبوو لەدوایدا خۆی پەیوەندی پێوەکردم و گووتی لەماڵەوەم، بەهەرحاڵ ئەمانەش تێپەرین، هەتا رۆژێك بەسەر هەموو راستییەکاندا کەوتم، رۆژێك بەبێ تەلەفۆن چووم بۆ ماڵی باوکی رووخۆش بەبێئەوەی ئاگام لەوە بێت کە رووخۆش لەماڵی باوکییەتی، کاتێك چووم بۆ ماڵیان دەرگای حەوشەیان کردەوە گووتم خەسوم پیرە ناتوانێت دەرگا بکاتەوە، کە چوومە ژوورەوە پێڵاوەکانی رووخۆشم بینی بەلامەوە سەیر بوو چۆن رووخۆش هاتووە بۆ ئێرە خۆ هێشتا دەوام تەواو نەبووە، بەبێ هیچ دەرگا لێدانێك چوومە ژوورەوە بینیم رووخۆش و کەمال لەژوورەوەن ئەوەی لێی دەترسام بینیم، بەبێ هیچ توورە بوونێك یەکسەر چوومە چێشتخانەو چەقۆیەکم هێناو پەلاماری کەمالم دا و دوو چەقۆم لێدا، چەقۆکان بەر ئەندامێکی نەکەوت کە بیکوژێت، رووخۆش نەیدەوێرا تەنانەت هاواریش بکات چونکە دەیزانی ئابروویان دەچێت، لەدوای ئەوە زۆر بەشپرزەیی لەماڵ چوومە دەرەوە، نەگەیشتمە ماڵەوە کە پۆلیس گەیشتە سەرم و دەستگیریان کردم، کاتێك بردیانم و لێپرسینەوەیان لەگەڵ کردم هەموو راستییەکانم گووت هەرچەند رووخۆش و کەمال شاردیانەوە، لەدوای ١٧رۆژ لەدەستگیرکردنم کەمال لێم خۆش بوو و لەزیندان بەریاندام بۆیە لێمخۆش بوو تا نییەت و کارە ناشیرینەکانی خۆیانی پێ بشارنەوە، رووخۆش بۆئەوەی لای خێزانەکەی و خەڵکی دیکە ئابرووی خۆی بکڕێتەوە داوای لەمن کرد لێی خۆش بم، سروشتی من بەچەشنێکە هەرکەسێك خراپترین رەفتارم لەبەرامبەردا بکات بەڵام داوای لێخۆش بوون بکات لێی دەبوورم بەتایبەت ئەگەر هاوسەرەکەم بێت، هەرچەند تەنها لێ خۆش بوون بوو چونکە بڕیارمدا تەنها لەماڵەکەدا بێت و هیچ هەڵسوکەوتێکی خێزانی لەگەڵدا نەکەم، و دواتر ژنی دیکە بهێنم. رووخۆش زۆر پاڕایەوە بگەڕێتەوە بۆ ماڵەوە، بەهەرحاڵ جارێکی دیکە رووخۆش بۆ ماڵەوە گەڕایەوە، پاش گەڕانەوەی بۆ ماوەیەکی زۆر مۆڵەتی لەدائیرە وەرگرت و نەڕۆیشتەوە بۆ دەوام، بەڵام مرۆڤ سروشتی چۆن بێت هەرگیز ناتوانێت وازی لێبهێنیت یان بەشێوەیەك لەشێوەکان گۆڕانی بەسەردا بێت.

شەوێك کە ماوەی دوو مانگ بەسەر ئەو مەسەلەیەدا تێپەڕیبو وتم دەمەوێت ژن بهێنم بۆیە پێت دەڵێم با ئاگادار بیت، رووخۆش هیچ وەڵامێکی نەدامەوە، منیش بڕیاری خۆمم دابوو و ئامادەکاری باشیشم بۆکرد و تەواوی مەسەلەکانم بەکۆتا گەیاند، لەگەڵ کچێکی پورمدا زەماوەندمان کرد و ماڵێکی جیامان دروست کرد، بەڵام هەڵەی من لەوەدابوو ئەو شەوانەی دەچوومەوە بۆلای ژنی دووەم رووخۆشم بەتەنها بەجێ دەهێشت، بێگومان ئەویش ئەم هەلەی بەفرسەت زانی بوو جارێکی دیکە دەستی لەگەڵ کەمالدا تێکەڵکردبۆوە، ئەم راستییەش دراوسێیەکمان پێگووتم، بۆیە لەشەوێکی زستانی باراناویدا چوومەوە بۆ ماڵەوە هەروەك پێشوو بەیەکەوە گرتمن، بەڵام ئەمجارەیان بەیەکەوە دانیشتبوون، خۆم کرد بەژوورەوەدا و بەهەردووکیانم گووت ئەگەر دەتانەوێت خیانەت دووبارە بکەنەوە بەم شێوەیە نابێت، لەبەرئەوەی ئێوە دەزانن چی منن؟ کەمال تۆ هاوڕێی نزیکی من بووی ئێستا دەزانم بۆچی ئەم زەماوەندەت بۆمن رێکخست؟ تا نیەتە خراپەکانت لەگەڵ رووخۆشدا بخەنە بوارێکی ترەوە و مومارەسەی سێکسی بەئاشکرا بکەن، تەنانەت ئەگەر رووخۆش سکیشی پڕ ببێت کەس نەزانێت، رووخۆش خیانەتی لەمن کردووە، گووتم ناتان کوژم بەڵام بەیانی رووخۆش دەبێت بێیت بۆ دادگاو جیادەبینەوە، رووخۆش پەلاماری دام و زۆری ماچ کردم تا کاری وانەکەم، گووتی کەمال تەنها سەردانی کردووم و هیچ کارێکی نەکردووە، من باوەڕم پێنەکردوو و بەکەمالم گووت من کە جیابوومەوە لەرووخۆش دەتوانیت مارەی بکەیتەوە، هەر ئەو شەوە بڕیاری کۆتاییم داو لەرووخۆش جیابوومەوە، بەڵام رووخۆش کە دواتر کەمال بۆی گێڕامەوە زۆر داوای لەکەمال کردووە بیخوازێت یان نەهێڵێت من تەڵاقی بدەم، کەمال هیچ کام لەو دوو داوایەی بۆ جێبەجێ نەکرد، لە ئێوارەیەکدا رووخۆش خۆی دەرمان خوارد کرد و کۆتایی بەژیانی خۆی هێنا، کاتێك ئەو هەواڵەم بیست زۆر گریام،بەڵام گوناهی خۆکوشتنی روخۆشم بۆ ناپاکی کەمال گەڕاندەوە کە تا کاری بەرووخۆش هەبوو ژنی چاك بوو لەدوایشدا چەندین تۆمەت و کاری نارەوای خستە پاڵی.

سەبارەت بەو پەیوەندیە ناپاکەی نێوان کەمال و رووخۆش و دروستکردنی کێشە بۆ سەربەست، توێژەری کۆمەڵایەتی "زانا وەلید" دەڵێت: هەردوو رەگەز دەبێت لەپێش پرۆسەی هاوسەرگیریدا بڕیاری ئەوەبدەن لەگەڵ کێدا زەماوەند دەکەن؟ گونجانی ئاستی ئابووری و رۆشنبیری و کۆمەڵایەتی بناغەن بۆئەوەی هەڵبژاردنەکە ئاکامێکی دروستی لێبکەوێتەوە،؟ لەپرۆسەی هاوسەرگیریدا لایەنی کۆمەڵایەتی لەسەروو هەموو لایەنەکانی دیکەوەیە، دواتر وەرگرتنی بیروبۆچونی خێزان رەهەندێکی ترە، زۆربەی هاوسەرگیریەکانی ئێستا دووچاری هەڵوەشانەوە دەبنەوە، ئەوەیە کە هیچ گرنگییەك بە رای ماڵەوەیان نادەن، بێگومان خۆشیان تەنها بەرووخسار و جوانی هەڵدەخەڵەتێن و لەدوایدا رووبەرووی گرفتی ئابووری و کۆمەڵایەتی دەبنەوە، بەڵام ئەوەی بەسەر سەربەستدا هاتووە کەم پیاو هەیە لەم کۆمەڵگەیەدا ئەو رەفتاری خێزانەکەی پەسەند بکات، بەراستی بیرکردنەوەیەکی جیاوازی هەیە، لەلایەکی دیکەوە ناپاکی هاوڕێ و خێزان قبوڵکردنی کارێکی ئەستەمە، ئەمەی روویداوە چەندان نمونەی هاوشێوە هەیە کە تووشی کوشتن و زیندان بوونەتەوە، بەڵام سەربەست بیرکردنەوەیەکی دروستی هەبووە و ژیانی خۆی تێك نەداوە، لەئاکامدا رووخۆش باجی هەڵەکانیدا، دەبێت چاوەڕێی ئاکامی خراپتریش لە کەمالی هاوڕێی بکات چونکە مرۆڤ پاداشتی هەموو کارێکی دێتەوە ڕێگای.

**بەڵام سەربەست بیرکردنەوەیەکی دروستی هەبووە و ژیانی خۆی تێك نەداوە، لەئاکامدا رووخۆش باجی هەڵەکانیدا**